# شیعر و زەمەن -خوێندنەوەیەکی خێرای "ساڵێک لە نیگەرانی"ی بەرزان هەستیار

---

---



ئارام سدیق - سلێمانی



**لۆرانس پیرین قسەیەکی هەیە لەبارەی بوون و مێژووی شیعرەوە زۆر لەگەڵیدا هاورام. پیرین دەڵێت: کۆنی شیعر کۆنی زمانە، ئەوەندەی زمانیش دنیاگیرە .. .**

**لۆرانس پیرین قسەیەکی هەیە لەبارەی بوون و مێژووی شیعرەوە زۆر لەگەڵیدا هاورام. پیرین دەڵێت: کۆنی شیعر کۆنی زمانە، ئەوەندەی زمانیش دنیاگیرە. من تەواو ئەو قسەیەم قبوڵە و من لە وتارێکی تریشدا ئەوەم خستۆتەروو کە ئەگەر شیعر نەبوایە رەنگە ئەم شێوەزارەی من پێی دەنووسم نەبوایە، چونکە نالی و سالم و کوردی لە سەردەمی بابانەکاندا هاتن و رۆحیان کردە بەر ئەم زمانە و شاعیرانی پاش ئەوانیش پەرەیان پێدا و تا دواجار بەمشێوەیە گەشەی کرد. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە شیعر بووە هۆی زیندووکردنەوەی ئەو شێوەزارەی ئێستا بە "سۆرانی" ناودەبرێت، چونکە ئەگەر ئەو شاعیرانە لە بچووکەکەی دەرگای شیعرەوە ئەو دەرگا گەورەیەیان نەکردایەوە بۆ ئەو شێوەزارە، رەنگە ئەدەبی کوردی لە ئێستادا ئەوەندە دەوڵەمەند نەبوایە و نەبوونیایەتە خاوەنی گۆران و قانع و بێکەس و ئەحمەد موختار جاف. بۆیە لێرەوە تێدەگەین کە لەو کاتەدا لەرێی گەشەسەندنی شیعرەوە زمانیش گەشەی سەندووە. لە ئێستاشدا لە رێی گەشەسەندنی ئەدەبەوە بەشێوەیەکی گشتی زمان گەشە دەسێنآ، بەڵام تا ئێستاش لای ئێمە شیعر بەشی زۆری ئەرکە زمانییەکەی لەسەر شانە، بۆیە دیسان گەشەسەندنی شیعر دیسان گەشەسەندنی زمانە. ئەگەرچی رەنگە ئەم بیردۆزە بۆ ئێستای وڵاتای ئەوروپا و زۆر شوێنی دنیاش راست نەبێت بەو پێیەی لە زۆر وڵاتانی دونیا ئێستا رۆمان دەورێکی کاریگەرتر لە شیعر دەبینێت .**

**ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە قسەکردن نییە لەسەر کێشەی زمانەوانی، بەڵکە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە قسەکردنە لەسەر قەسیدەی " ساڵێك لە نیگەرانی" بەرزان هەستیار کە بەم دواییانە لەلایەن دەزگای ئاراسەوە چاپ بوو. ئەم قەسیدەیە ئەزموونێکی**

جیاوازتری بەرزانە و ئەم قەسیدەیە لە ماوەی ساڵێکدا نووسراوە لە (2006\7\16)ەوە تا (2007\7\16) و لە چەندین پارچە شیعر پێکهاتووە کە کۆی هەموو پارچە شیعرەکان لە ژێر ناونیشانی " ساڵێك لە نیگەرانی" خراونەتەروو. ئەم قسەیدەیە هەوڵێکی تری شیعری بەرزانە بۆ باڵاترکردنی زمانی شیعری و سەلماندن و رەنگکردنی تەواوی ئەو دنیا شیعرییەی لە پاش دیوانی "بەتەنیش فەنابوونەوە" لە هەوڵی چێکردنیدایە. بەرای من ئەم قەسیدەیە کۆتایی پەرەپێدانی زمانی شیعری نییە و بەڵکو هێشتا زمانی شیعری ئەم شاعیرە پێویستی بە باڵاتربوون هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەرزان بەم قەسیدەیە هەنگاوێکی گەورەتری ناوە و ئەزموونی شیعری بەرەو هەڵکشانی زیاتر بردووە. زمانی شیعری بەرزان لەم قەسیدەیەدا لەسادەییەوە بەرەو قووڵایی ماناکان هەنگاو دەنآ و دەیەوێت لە هاوسەردەمەکانی خۆی جیابکاتەوە. ئەم قەسیدەیە قەسیدەی رۆژگای ئەمرۆیە. بەو مانایەی کورتبری کراوە لە دەربریندا، کە ئەمە دەکرێت وەکو خاڵێکی جوان تەماشای بکەین .

یەکێکی تر لەو شتانەی کە پێوستە لێرەدا لێی بدوێت پەیوەنی زەمەنە بە دەقەوە، چونکە لەم دەقەدا چەندین زەمەنی جیاواز هەیە کە هەموو زەمەنەکان لەنێوان بازنەی ساڵێکدا دەخولێنەوە . رەنگە دانانی بەروار بۆ دەق یەکێك بێت لەو فێڵانەی نووسەر بیەوێت خوێنەر فریوبدات. لای زۆرێك لە نووسەران ئەو فێڵە هەیە کە بەرای من زۆر بە کەمی حەقیقەت لەو زەمەنانەدا هەیە .

ئەگەر سەیری چیرۆك و رۆمانەکانی "عەتا محەمەد" بکەین لەسەر هیچ کامیان زەمەنی نووسینی لەسەر نییە، هاوکات لەنێو چیرۆك و رۆمانەکانی ئەم نووسەرەشدا زەمەن تێکشکاوە، بۆیە پێدەچێت لەو تێکشکاندنی زەمەنەوە بێت کە عەتا بروای بەو زەمەنەش نەبێت کە بۆ کاتی نووسینی دەقەکەی دابنێت. لای بەرزان هەستیار گەمەی نووسینی زەمەن بۆ دەقەکانی رێك پێچەوانەی عەتایە. هێنانەوەی عەتا محەمەد وەك نموونە هەر بۆ ئەوە گەرایەوە. لەم دەقەی بەرزاندا زەمەن ئامادەییەکی تەواوی هەیە و ئێمە هەست بە شوێن پێکانی دەکەین لەنێو دەقدا بەو دەلیلەی کە هەندێك لە کورتە شێعرەکان بەبآ بوونی زەم هیچ مانایەك نادەنە خوێنەر بەتایبەت (3/16) کە بەبآ بوونی ئەو زەمەنە تەنها نووسنی وشەی (هەڵەبجە) هیچ مانایەکی نابێت. بەڵام ئەو زەمەنە بۆ ئێمەی کورد زۆرشتی پەنهانی لە خۆگرتووە، کە وتن و خستەروو بریندارکەرە. هەر بۆیە زەمەن لە تێکستی (ساڵێك لە نیگەرانی) لە پێش دەقەوە نووسراوە، کە ئەمەش ئەو بروایە تۆختر دەکاتەوە کە زەمەن کاریگەری لەسەر ئەم دەقە هەیە. هەر بۆیە ناونیشانی (ساڵێك لە نیگەرانی)یش ئاماژەیەکی زەمەنی تێدایە .

سەڵاح حەسەن پاڵەوان لە کتێبی "داهێنان و مەرگ"دا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دەقدا مەرگ دیاردەیەکی ئامادەیە. لە پاشانیشدا دەنوسێت: دەق دیاردەیەکە لە خۆکوشتنێکی ئارامانە لە ناخەوە دەست پێدەکات. ئەم دوو رستەیەی "سەڵاح حەسەن" بەشێوەیەکی زۆر لە دەقی )ساڵێك لە نیگەرانی) رەنگدانەوەی هەیە و هاوکات لە دەقەکانی پاش دیوانی) بەتەنیشت فەنابوونیشەوە) بە تەواوی هەستی پێدەکرێت و من لە چەندین نووسینی تردا کە لەسەر ئەم شاعیرەم نووسیوە بە وردی ئەو خاڵانە خستۆتەروو، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە لەم دەقەشدا تارمایی مەرگ و فەنابوون هەستی پێدەکرێت و دەقەکانی بەرزان ئەو خۆکوشتنە ئارامەی تێدا دەبینرێت کە سەڵاح حەسەن باسی دەکات. دەکرێت ئەم دەقەش وەك درێژکراوەی ئەو ئەزموونە سەیر بکەین کە پاش دیوانی) بەتەنیشت فەنابوونەوە) بەرزان پەرەی پێداوە. بەرزان دەنوسێت :

کەس هێندەی من لە مردن سل ناکاتەوە
لە هەموو کەس زێتریش لە ژیان دەترسم
دوو شتی چەند عەنتیکە و سامناکن
دەبوایە جووتێك برای تا بن،
کەچی خەنجەریان لە یەکتری هەڵکێشاوە !!

ئەوەی لە دواجاردا دەمەوآ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە یەکێکی تر لە جوانییەکانی ئەم تێکستەی بەرزان وەك پێشتریش بەخێرای ئاماژەم پێکرد کورتبرییە لە دەربریندا و قوڵیە لە مانادا. ئەم تێکستە هاوسەردەمانە دەتوانێت رآ بکات و خوێنەر بێزار ناکات، چونکە لە دنیای پر لە جەنجاڵی تەکنەلۆژیادا خوێندنەوەی تێکستی درێژ ئەستەم و قورس دەبێت، بەڵام تێکستە کورت و جوانەکان زووتر خۆیان دەگەیەننە خوێنەر. دەقەکەی بەرزان سادەیکی جوانی پێوە دیارە و لەدەقی سادەدا مانای تاقانە نییە، چونکە نهێنییەکان لە ئارادان و لەو شوێنەش نهێنی ئامادەبآ بیر و لێکدانەوەی هەمە جۆر دێتە بەرهەم. بۆیە دەکرێت لێکدانەوەی جیاجیا و هەمە جۆر بۆ ئەم دەقە بکەین و تەنها لە گۆشەنیگایەوە لێی نەروانین .

سەرچاوەکان:
-1سەڵاح حەسەن پاڵەوان،"داهێنان و مەرگ-لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی.(2003)
-2بەرزان هەستیار، ساڵێك لە نیگەرانی-شیعر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی (2008(
-3لۆرانس پیرین، شیعر چییە؟ وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران سلێمانی ساڵی 2008 .